www.kurdistannet.org
14-2-2003 0:06

# چۆن مەلا کرێکارمان لە گوڵپ بینی. . ؟

**کەمال ڕەوف**

حەز ئەکەم لە ڕێگەی باسکردنی چاوپێکەوتنەکەی م. کرێکارەوە گەر بەکورتیش بێت وەك ڕای خۆم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە کە هەندێك جار بەشێوەی ڕەخنە لە ڕۆژنامەی هاولاتی دەگیرێت و دەگوترێت هاولاتی بۆتە مینبەری ئیسلامییەکان و زیاد لە پێویست گرنگی دەدات بە کێشەو مەسەلە ناوخۆییەکانی ئیسلامی سیاسی کوردی. دیارە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارگەلە دەبێت ئەو لایەنەی تریش بخەینە ڕوو کە هەندێك لە ئیسلامییەکانیش بەم کارەی هاولاتی نیگەران دەبوون و پێیان وابوو کە هاولاتی هەوڵی ئەوەدەدات هەیبەتی بزاڤەکەیان و کەسایەتیەکانیان لەبەر چاوی خەڵك بشکێنێت وبشوێنێت. . . هەر بۆیە زۆر جار ئێمە تووشی بەرخوردی ناخۆش و خراپیش دەبووینەوە بە تایبەتی لە لایەن ئەو کەسانەوە کە بەهەموو شێوەیەك حەزیان دەکردو هەوڵیان ئەدا هاولاتی لە خۆیان و گرووپەکانیان دوور بخەنەوە، ئێمە بۆ چەند جارێك تووشی گرفتی لەو جۆرە بووین وەك ئەوەی کەسێکی ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی پێی ووتین ( (بە هۆی ئەوەی کە لە گەڵ ئێوەدا قسەو باس دەکەم زۆرێك لە برادەرەکانم نامدوێنن بە بیانووی ئەوەی کە گوایە لە گەڵ هاولاتی عەلمانیدا نزیکایەتیم هەیە) ) ، بە لام هاولاتی بە دەر لە هەردوو ئەو دوو بیرکردنەوەیە نەلە هەوڵی ئەوەدا بووە کە کارێك بۆ ناشرینکردنی ئیسلامیەکان دروست بکات ونە لە هەوڵی ئەوەشدا بووە کە بیەوێت ببێتە مینبەرێك بۆ ئیسلامیەکان، بەڵکوو ئەو کارەی لەسەر مەبنای ئەوەبووە کە بڕوای بەوە هەبووە بتوانێت شێوازی دیالۆگ بگەیەنێتە نێو ئیسلامییەکان و کێشەو گرفتەکانی ئەوانیش لە گەڵ خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بگەیەنێتە بەرچاوی بەرپرسان و لە خامۆشی و پەراوێزی بوون قوتاریان بکات، ئەم کارە لەو مەنتیقەوە سەرچاوەی گرتبوو کە پێشتر ستافی هاولاتی لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە لەنێو ڕووداوو دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا بەبێ لەبەر چاوگرتنی بیرو بۆچونەکان کاری ڕۆژنامەگەری خۆی سازبکات و بە بێ لەبەر چاوگرتنی بیروبۆچوونی هاولاتیانیش داکۆکی لە ماڤی هاولاتیبونی تاکی نێو کۆمەڵگەی کوردی بکاتە تەوەری کارەکانی خۆی. .

ئاشکرایە هاولاتیش وەك ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆیکوردی ناتوانێت لە و هەلومەرجە سیاسیو ئاڵۆزەی کوردستاندا ئەو ئەرکە بێ کەم وکوڕی ڕاپەڕێنێت وناشتوانین بڵێین تاسەر دەتوانێت بە وەفا بێت لە بەردەم ئەو هەموو بەڵێن و گوفتانەی داوێتی، ئەم مەسەلەیان پەیوەندی بە ئایندەی هاولاتییەوە هەیەبەلام لە گەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین هاولاتی تا ئێستای بە هەموو کەمو کوڕییەکانییەوە توانی ئەوە بسەلمێنێت کەلە پراکتیکی کاری ڕۆژنامەگەریدا ڕاستگۆیانە جیاوازی بیرو بۆچوون قبوول کردووە وبە شێوەیەکی وا مامەڵەی کردووە کە بتوانێت مافی ئەو کەس ولایەنانەش دابین بکات کە بیرو بۆچوونەکانیان لە گەڵ ناوەڕۆك و پرنسیبی هاولاتیدا نایەتەوە، چونکە ستافی بەڕێوەبردنی هاولاتی بە هەموو جیاوازییەکی نێوانیانەوە هیچ کەسێکی سەر بە ئیسلامی سیاسی تیا نەبووەو هەربۆیە ڕەنگە لێرەوە ئەو پرسیارو ڕەخنەیەش بچێتە پاڵ ئەو ڕەخنەو گومانە زۆرانەی کە هەر لە سەرەتاوە ئەم پرۆژەیە دەرگیری بوو وەك ئەوەی کە زۆر لە پارتییەکان لایان وابو پرۆژەیەکە یەکێتی لە پشتییەوەیە، زۆرێك لە یەکێتی لای وابوو پارتی یان لایەنێکی تری لە پشتەوەیە، ئێمە بۆ وەڵامی هەموو ئەوانە بێدەنگیمان هەڵبژارد چونکە دەمانزانی زۆرێك لەو گومانانە لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو کە پارتی و یەکێتی لەو دەمەدا زۆر پرۆژەو ڕۆژنامەی حزبییان بە ناوی سەربەخۆبوونەوە دەرخواردی خەڵك دەدا تەنانەت کار گەیشتە ئەو حاڵەتەش کە حزبیش بە ناوی سەربەخۆبوونەوە دروست بکەن، سەبارەت بەوەڵامی پرسیارەکەی پێشووشمان کە لای وایەهاولاتی فەرشی سووری لای ئیسلامییەکانەوە بۆ ڕاخراوە ڕەنگە لە باسکردنی ئەو چاوپێکەوتنەی م. کرێکار دا وەڵامی خۆی دەست بکەوێتەوە.

## بە یارمەتی م. کرێکار

سەرەتا بۆیە دەڵێم بە یار مەتی ئەو چونکە لەو چاوپێکەوتنەی کە لە هاولاتیدا بلاوبۆوەو بە جیا لەوە بۆ چەند کاتژمێرێك گفتوگۆمان کرد داوای لێکردم کە ئەو بەشەی گفتوگۆکە بۆ بلاوکردنەوە نییە بەلام ووتی تۆ وەك ڕۆژنامەنووسێك دەتوانیت لە ئایندەدا کەڵکی لێوەربگریت چونکە ئەو کاتە هێشتا باڵە جیاجیاکانی نێو بزوتنەوە بە تەواوەتی بڕیاری یەك لایی کردنەوەیان نەدابوو و ئەویش زۆر شتی گرنگ و نهێنی بزوتنەوەی ئیسلامی و چۆنێتی ڕوداوو شەڕەکانی خۆیان و یەکێتی و پارتی درکاند، دیارە منیش وەك ئەمانەتێك تەنهائەوەی بگونجێت لێرەدا باسی دەکەم.

دوای ئەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی لە نێو خۆیاندا توشی گرفت و کێشەبوون و جیابوونەوەیان تێ کەوت، زۆربەی هێز کە زیاتر لە بیست هێزی چەکدار دەبوون، لە گەڵ م. عەلی باپیردا جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند و لە ناوچەی خورماڵ وئەحمەد ئاوا بارگەیان خست، هەرچی م. کرێکارو هێزەکەشی بوو، لە ناوچەی گوڵپ مانەوەو بێلایەنی خۆیان ڕاگەیاند بەلام بەشێکی زۆر لە کەلوپەلی ڕاگەیاندنەکەی کە لە بنکەی تووی مەلیکی سلێمانی بوو کەوتە دەست کۆمەڵی ئیسلامییەوەو دەستیان بەسەردا گرت، لەو بارەیەوە چ م. کرێکاروج کۆمەڵی

ئیسلامی بەیاننامەی توندیان لە دژی یەکتری بلاّوکردەوە، ئێمە وەك هاولاّتی وهەموو لایەنە جیابووەکەمان دواندو پێش چەند ڕۆژێك لە ئەحمەد ئاوا چاوپێکەوتنمان لە گەلّ م. عەلی باپیردا کرد، بە پێویستمان زانی م. کرێکار یش ببینین، بۆیە لە ڕێگەی دۆستێکیەوە پەیوەندیمان پێوە کردوئەویش بەوە ڕازی بوو لە گولّپ ببیینین، من و شوان محمدو سمکۆ بەرەو گولّپ لە گەلّ برادەرەرەکەی م. کرێکار دا کەوتینە ڕێ، لە ڕێگا ی نێوان خورمالّ وهەلّەبجە کەوتینە دنیایەکی ترەوە ئەو کاتە زانیمان کە ئەو ڕۆژە کۆمەلّیئیسلامی مانۆڕی سەربازییان سازدابوو تاکوو هێزەکەی خۆیان نیشانی خەلّکی ناوچەکەو یەکێتی وئێران بدەن چونکەئەوکاتە گرفتێك هەبوو ئەویش ئەوەبوو یەکێتی مانگانە دوو ملیۆن دیناری کاشی دەدایە بزوتنەوە بەلاّم لە کاتی جیابوونەوەکەدا پارەکەی ڕاگرتبوو بە بیانووی ئەوەی کە نازانێت بیداتە چ بالّێك و شەرعییەت لە چ لایەکدایە، لە ڕاستیدا هێزی مانۆڕەکە تۆقێنەر بووو پتر لە هەزارو دووسەد چەکداری ئامادەکراو بە هەموو چەك و تەقەمەنییەکەوە تەنانەت دۆشکەو هاوەنیشی تیابوو لەمبەرو ئەوبەری ڕێگاکە بە سەیارەو لافیتەی جۆراو جۆرەوە وەستابوون ئێمەش وەك ئەوەی خەو ببینین هەر چاومان دەگێڕا دوای ئەوەی سەیارەکەیان وەستانین بە فرسەتمان زانی کە داوای چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەگەری لە گەلّ بەرپرسی هێزەکەدا بکەین لە ڕاستیدا بەرپرسەکەیان کەسێکی خۆش دوو ڕووحۆش بوو کە دوایی زانیمان ئەو برادەرە ستیزنی ئەلمانی هەیە وخزمی نزیکی م. عەلی باپیرە ئێمە دوای چاو پێکەوتنەکە دەبوو بڕۆین بەلاّم نەماندەازنی چۆن چۆنی بڕۆین، مانۆڕەکە بە تەبیعەتی حالّ تورەو لەوە دەچوو لە وجودی ئێمەش نیگەران بن پاش چەند ساتێکی کەم بەرپرسێکی مەکتەبیسیاسییان زۆر بە تورەبونەوە بە سەیارەیەکی خێرا خۆی گەیاندە ئێمە و کاسیێتی ڤیدۆی برادەرەکەی م. کرێکاری دەرهێناو ووتی نابێت تۆ وێنە بگریت چونکە ئێوە ئەم وێنانە لە دەرەوە پارەی پێ کۆدەکەنەوە، تەنانەت هێندە تورە بوو هیچ بواری نەدا قسەی لە گەلّ بکەین و کۆمەلّێك چەکدار دەوریاندایین و خەریك بوو کێشەکە گەورەتر بکرێت ئێمە بێدەنگیمان لێ کردو لە ناوەڕاستی دوو ڕیزی چەکدارەوە بە پێ کەوتینە ڕێ بۆ خورمالّ کە نزیك بووینەوەکۆمەلّێکیان بە بلّندگۆی دەستی بە بەرەو ڕوومان هاتن و بە شیعر خوێندنەوە کەوتنە جنێو دان بە ستالین، ئێمە دەمانزانی ئەوان چاوەڕێی وەلاّمێك بوون لە ئێمە بەلاّم برادەرەکەی م. کرێکار کە زانی وەزعەکە ترسناکە بە پەلە فریامان کەوت و ووتی کاتی ئەوەیە دەربچین چونکە لەوانەیە کارەساتێك بقەومێت، بە پەلە سەیارەی بۆ گرتین تا دەوری خورمالّ لەوێشەوە سەیارەکی تری بۆ بەکرێ گرتین بۆ گولّپ.

ئێمە لە کاتێکدا ئەو چاوپێکەوتنانەمان دەکرد دەمان زانی جۆرێك موجازەفەکردنی تیایە چونکە ئیسلامییەکان هەمووی لە یەك ناوچەدا کۆببونەوە و کێشەو گرفت لە نێوانیاندا سەری هەلّدا بوو ئەمە جگە لەوەی هەر قوتەو تەپۆلّکەیەکیش ئیمپراتۆریەتێکی سەربەخۆی تێدابوو دیارە کوشتن لەو جۆرە جێگایانەدا کارێکی زۆر ئاسان بوو چونکە نەدەتوانی لە یەکیان جیابکەیتەوە ڕۆژێك لە ڕێگای خورمالّ سەیارەکەیان ڕاگرتین کەسێك بە سایەقەکەی ووت ئەوانە کێن ؟ لە وەلاّمدا ووتی میوانی م. عەلی باپیرن ووتی وامدەزانی یەکێتین ئێستا لەویا بیانکوژم. . چونکە تەنها لە خورمالّ دا ئەو کاتە سێ چوار جۆر ئیسلامی حوکمی دەکرد لە گەڕەکی موهاجیرەکان حوکمی گروپە توندڕەوەکان لە بازاڕ جۆرێکی تر لە گولّپ ودەوروبەری هەلّەبجەو تەوێلّەو بیارە جیاوازتر ئەحمەد ئاواش جۆرێکی تر لە گەلّ ڕامیار مەحموود بۆ چاوپێکەوتنی م. عەلی باپیر چووبوین کەسێکمان بینی لە دەرەوەی ژوورەکەی ئێمە ڕیشێکی زۆر درێژی هەبوو لەسەر بیکەسییەکەی قورئانێکی دانابوو دەیخوێندەوە دیمەنی گەلێك سەیر بوو بە ڕامیارم وت بۆ وێنەی ناگریت؟ خێرا م. عەلی باپیر هاواری لێ هەلّستا ووتی نەکەی بە خوا تورە ئەبێت ئەوە زۆر سەلەفییە. . ئەوەش نیشانەی ئەوە بوو کە تەنانەت لە ناو یەك گروپیشدا بیرو ڕای جیاواز هەبوو بۆیەدەتوانین بلّێین گرفتی ئیسلامی سیاسی کوردی بەشێوەی حزبوالله ی لوبنانی و گروپەکانی تر نییە بۆچون و ڕێگایەکی دیاری کراویان سەبارەت بە مەسەلەکان هەبێت، بەلّکوو ئەوان لە نێو خۆیاندا چەندین بیرو بۆچوونی دژ بە یەکیان کۆکردبۆوە کە م. کرێکار یش یەکێك بوو لەو بیرو بۆچونانەی کە بەحالّی خۆی قسەکەری جیاوازییەکی تر بوو لە گەلّ ئەوانی تردا. لە گولّپ م. کرێکار پێشوازییەکی گەرمی لێ کردین دیار بوو دەیزانی ڕێگا خۆلّەکەی گولّپ چی بەسەردا هێناوین بۆیە ئێمەیان بردە شوێنێکەوە کە لە حەوزی مزگەوت ئەچوو بەلاّم تا بلّێیّ دلگیرو فێنك بوو ئاوێکی زۆر وەك جۆگەلە بە ناوی دا دەڕۆیشت و بەبەرد دیوارەکانی بۆ کرابوو لە شێوەی تاق سەقفەکەی گومەزی کرابوو گولّپ بە دامێنی زنجیرە چیایەکی سەختەوە کە لە پشتەوە ئەچووە ناوچەی سەرگەت ئەو ناوچەیەی کە جبەخانە گەورەکەی بزوتنەوەی کۆنی تیابوو هەر لەبەر گرنگی ئەو جبەخانەیەش م. کرێکار بەشێك لە هێزەکەی لە گەلّ هێزی دووی سۆران بۆ پاسەوانی ئەو جبەخانەیە دانابوو تا نەکرێتە دەست هیچ لایەکی جیابووەکان وا بریار بوو دواتر تەقەمەنییەکانی ناوی دابەش بکرێت بەسەر هەموو لایەنەکاندا بەلاّم دواتر زانرا کە هێزی دووی سۆران هەموو جبەخانەکەیان تەسلیم بە جوندولئیسلام کرد پاش ئەوەی ماندووبوونمان دەرچوو هەر لەوشوێنە نانمانخوارد پێش ئەوەی دەست پێ بکەین م. کرێکار بە عەرەبی قسەی لە گەلّ یەکێکدا ئەکرد داوای لێ ئەکرد بچێتە دەرەوە ئە وکاتە زانیمان کە لە نێو هێزەکەیدا خەلّکی عەرەبیشی تیایە چونکە پێشتریش پێش لە ڕوودانی 11 سێپتەمبەر لە نێو بزوتنەوەی ئیسلامیدا ئاسایی بوو کە کەسانی غەیرە کوردیان تیا بێت، لە پەراوێزی دانیشتنەکەدا کە خۆشیان بە

کامیرای ڤیدۆ هەموویان تۆمار کرد م. کرێکار ئەوەی ڕۆشن دەکردەوە کە توندو تیژی نواندنی ئیسلامییەکان پەیوەندی بە چۆنێتی مامەڵەی پارتی و یەکێتییەوە هەیە کاتێك ئێمە پرسیاری تەوحیدو حەماسی ئیسلامیمان دەکرد ئەو زۆر لای سەیر بوو کە ئێمە گرنگی دەدەین بەوان چونکە لای ئەو ئەوان کەسانێکی لاوو بیّ سەر بوون کەناتوانن لە گرووپێکی بچوك زیاتر بن هەر بۆیە بە کورتی وەڵامی ئەو پرسیارانەی ئەدایەوە کە لەسەر ئەوان بوون چونکە دەیوت چل پەنجاکەس ناتوانن لەو شاخە درێژە بە ژیانی سیاسی خۆیان بدەن لە بەرامبەر ئەوەی کە پێمان گووت تۆ بە کەسێکی تۆقێنەرو توند ڕەو ناسراویت تەنانەت لە ناو هێزە ئیسلامییەکانیشدا بە جۆرێك لە قەبولکردنەوە ووتی ( ( من هەمیشە هەوڵم ئەدا لە بەرامبەر هێزی یەکێتی دا شێرێك دروست بکەم کە توانای ئەوەی هەبێت لەبەردەم شێرەکەی یەکێتیدا بوەستێتەوە بەڵام شێرەکەی من دروستم کربوو لە خەیاڵ دەچوو لە و باڵۆنە دەچوو کە فووی تیّ کرابێت بۆیە لەشەڕی یەکەمدا بە رگەی چەپۆکێکی یەکێتی نەگرت و فش بۆوە پاشان پێتان وانەبێت ئێمە تەنها کەسانێکی ڕیش درێژو ناسیاسی بین ئێمەش وەك هەموان دەتوانین کەڵك لە ئەزمونەکان وەرگرین و لە هەموو ئەو دەسکەوتە تازانەش کە زانست هێناوییەتە پێشیّ کەڵك وەرگرین و ئایدیۆلۆژییەکەشمان کە قورئان و ئیسلامە فرسەتی ئەوەمان ئەداتیْ وەك حیزبەکانی تر کەڵکی لیّ وەربگرین و هەر ئێستای سەحوەی ئیسلامی خاوەنی چەندین پەیجی ئەنتەرنێتە کە کەسانی خۆمان دەتوانن لە هەموو شوێنێکدا داخلّی بێت و تیایدا ئەو زانستانە بە دەست بهێنێت کە دەبێتە مایەی دروستکردنی هەموو جۆرە چەکێك لەوانەش دەتوانین ڕێنمایی کەسانی خۆمان بکەین تا بتوانێت لە کاتی پێویستدا لە میزی خۆی تەقەمەنی دروستبکاتا ئێمەش ئیمکانیاتی مادیو فکری وزانستی وامان هەیە کەکەڵك لە هەموو ئەوانەش وەربگرین) ) .

من لە گویّگرتنی ئەو ئەوە تێگەیشتم کە گرووپە ئیسلامییەکان هەرچەندە بچووکیش بن هەوڵ ئەدەن وەك حکومەت کار بکەن و مافی ئەوەش بە خۆیان ئەدەن کاری دەسەڵاتدارێتی سەربەخۆیانە بکەن هەربۆیە بۆ چۆنێتی پەیوەندیکردن و پەیداکردنی چەك و تەقەمەنی، شەڕو ئاشتی مامەڵەکردنیان لە گەڵ خەڵکدا ئەوە تەنها یەك سەرچاوە بە ڕەسمی و هەقانییەت دەزانن کە ئەویش قورئانە بەگوتەی ئەولە قورئانیش دەتوانن کەڵکی ئەو ڕێنمایی و ڕێبەریان پیّ بدات بەو جۆرەی کە هەر گرووپێك خۆی تەفسیری بۆ بکات، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئێوەباجی گومرگی لەخەڵك دەسێنن بە سادەیی ووتی ( (مادام ئێمە ئارامی ناوچەکە دەپارێزین و ڕێگاو بانەکان چاك دەکەین هەقمانەو حەڵالیشە لەبەرامبەر ئەوەدا گومرگی تایبەت بە خۆمان هەبێت) ) لە کۆتاییدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوان لە هەموو کەس باشتر دەزانن و تیّ دەگات کە چۆن مامەڵە لە گەڵ وتەکانی ناو قورئاندا بکەن چۆن لەکاتی ئاسایدا ئەو ئایەتانە بڵێنەوە کە جۆرێك ئارامیان تێدایەو لە کاتی شەڕو توندبونەوەشدا ئەو ئایەتانە بڵێنەوە کە باس لە جیهاد دەکەن و خوێن دەجولێنن، ئەو ڕاستگۆیانە دەیوت هێزی ئێمە لە نێو چوارچێوەی ئەو سەحوە ئیسلامیەدایە کە فەردەکانی وا پەروەردە بکات کە گیانی وەستانەوەو بەرەو ڕووبەڕووبونەوەی تیا بێت هەر بۆیە گەر بهێڵێن بژین و کاری سیاسی بکەین و شەریك بین ئەوا ئارام دەبین گەر نەشهێڵن ئەوا ئەو توانایەمان هەیە نا ئارامی لەسەرتاسەری جیهاندا دروست بکەین، کاتێك م. کرێکار ئەو قسەیەی کرد هێشتا 11 سێپتەمبەر ڕووی نەدابوو بەڵام ئەو زۆر بە پەرۆشەوە باسی لە موجاهیدینی ئەفغانی و چیچانی وجێگاکانی تری دنیا ئەکردو ئێش و ئازارەکانی هەموویانی تێکەڵ بەیەکتر دەکردەوە.

..

Kamalrehuf250@hotmail.com